# کاتێک لە سەفەردا بووین لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ پیاوێک هات و لەسەر پشتی سواریەکەی بوو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک لە سەفەردا بووین لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ پیاوێک هات و لەسەر پشتی سواریەکەی بوو، سەیری لای ڕاست وچەپی کرد، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک شتومەکی زیادەی پێیە با پێشکەشی ئەو کەسەی بکات کە شتومەکی پێ نییە، وهەرکەسێک خۆراک (وبەرهەمی) زیادەی پێیە با پێشکەشی ئەو کەسەی بکات کە خۆراکی پێ نییە»، پاشان باسی چەند جۆرێک شتومەکی کرد هەتاوەکو پێمان وابوو هیچ یەکێک لە ئێمە مافی ئەوەی نییە شتی زیاد لە پێویستی پێ بێت.

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

ئەبی سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات لە سەفەرێکدا بوون لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، پیاوێک هات لەسەر پشتی وشترەکەی سەیری لای ڕاست وچەپی دەکرد؛ بۆئەوەی شتێک بدۆزێتەوە وپێداویستیەکانی جێبەجێ بکات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەرکەسێک شتومەکی زیادەی پێیە با بیبەخشێت وبیکاتە خێر لەسەر ئەو کەسەی بکات کە شتومەکی پێ نییە، وهەرکەسێک خۆراک (وبەرهەمی) زیادەی پێیە با بیبەخشێت وبیکاتە خێر لەسەر ئەو کەسەی بکات کە خۆراکی پێ نییە. گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: هەتاوەکو پێمان وابوو هیچ یەکێک لە ئێمە مافی ئەوەی نییە شتی زیاد لە پێویستی پێ بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5906